بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

وَالْعَادِيَاتِ ضَبْحًا ﴿1﴾

سوێند بەو ئەسپانەی (کە بەرەو گۆڕەپانی جیهاد) بە گرمەو پڕمە غار دەدەن (دەکرێت هەندێك هۆکاری جەنگی ئەم سەردەمەش بگرێتەوە، وەکو فڕۆکەو موشەك).

فَالْمُورِيَاتِ قَدْحًا ﴿2﴾

وە بەو ئەسپانەی کاتێك کە سمیان بەر بەرد دەکەوێت ئاگری لێ دەبێتەوە (یاخود ئەو جۆرە چەکانەی کە دەتەقێتەوە).

فَالْمُغِيرَاتِ صُبْحًا ﴿3﴾

وە بەو ئەسپ و (هۆکارانەی) کە لە بەرەبەیاندا هێرش دەبەنە سەر (ئۆردووی دوژمنان).

فَأَثَرْنَ بِهِ نَقْعًا ﴿4﴾

وە دەبنە هۆی بەرپا کردنی تەپ وتۆزو گەردەلوول.

فَوَسَطْنَ بِهِ جَمْعًا ﴿5﴾

وە خۆیان دەکەن بە نێوانی دەستەی (خوانەناساندا).

إِنَّ الْإِنسَانَ لِرَبِّهِ لَكَنُودٌ ﴿6﴾

سوێند بەوانە هەمووی، ئادەمیزاد لە ئاستی پەروەردگاریدا زۆر ناسوپاس و حەق نەناسە.

وَإِنَّهُ عَلَى ذَلِكَ لَشَهِيدٌ ﴿7﴾

خۆیشی شایەتە لەسەر ئەو حاڵەی خۆی، (ڕۆژی قیامەت دان بە کەمتەرخەمی خۆیدا دەنێت).

وَإِنَّهُ لِحُبِّ الْخَيْرِ لَشَدِيدٌ ﴿8﴾

(ئادەمیزاد) زۆر حەزی لە دارایی و سامانە (هەر کە دەستی لێ گیر بوو زۆربەی ڕەزیل و ڕژدو چروکە).

أَفَلَا يَعْلَمُ إِذَا بُعْثِرَ مَا فِي الْقُبُورِ ﴿9﴾

ئایا ئەو جۆرە کەسانە نازانن چی پێش دێت کاتێك لە گۆڕەکان هێنرانە دەرەوەو (زیندووکرانەوە)؟!

وَحُصِّلَ مَا فِي الصُّدُورِ ﴿10﴾

وە هەرچی لە سینەکاندا هەیە هەر هەمووی لە (کارنامەکاندا) بە تۆمار کراویی خرانە بەردەست!!

إِنَّ رَبَّهُم بِهِمْ يَوْمَئِذٍ لَّخَبِيرٌ ﴿11﴾

بەڕاستی ئەو ڕۆژە پەروەردگاریان ئاگادارو شارەزایە پێیان (بەووردیی لێیان دەپرسێتەوە).